# حوكمی تاشینی مووی سەرگۆنا وژێر مل

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم حلق شعر الخد والرقبة

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی تاشینی مووی سەرگۆنا وژێر مل

پرسیار : السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته .... ئایا لابردنی مووی سەر گۆنا و ژێرمل بەمووس دروستە بۆ کەسێك کەڕیشی هەبێت ؟

وەڵام : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

لەبەر ئەوەی زانایانی زمانەوانی عەرەب مووی سەرگۆنایان بە ڕیش داناوە، حەرامە لابردنی بەهەر جۆرێك بێت، چی بە مووس بێت، یان بەهەڵکەندن بێت، چونکە بۆ زانانینی هەقیقەتی حوکمە شەرعیەکان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ زمانی عەرەبی ئەگەر هاتوو شەریعەتی ئیسلام خۆی هەقیقەتێکی شەرعی باس نەکردبێت، بۆ نموونە ووشەی ( الصلاة ) لە زمانی عەەربیدا بە واتای نزا وپاڕانەوە دێت، بەڵام لەبەر ئەوەی

ووشەی ( الصلاة ) هەقیقەتێکی شەرعی هەیە کە ئەویش بریتیە لەو هەیئەت وئەرکانانەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم) فێری ئوممەتەکەی کردووە، ناتوانین بڵێن ئەگەر کەسێك نزاو پاڕانەوەی کرد ئیتر فەریزەی نوێژی بەجێهێناوە، چونکە ووشەی ( الصلاة ) بە هەقیقەتی شەرعی لێکدەدرێتەوە لێرەدا نەك بە هەقیقەتی زمانەوانی .

بەڵام لەبەر ئەوەی کاتێك پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەبارەی هێشتنەوەی ڕیشەوە فەرموویەتی : « وفروا اللحى وأحفوا الشوارب » [رواه البخاري] واتە : ڕیشتان زۆر بکەن وسمێڵتان کوورت بکەنەوە .

لەفەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی : « أعفوا الشوارب وأعفوا اللحى » [ رواه مسلم ] واتە : ڕێشتان بەربدەنەوە و سمێڵتان کوورت بکەنەوە .

ووشەی اللحية وەك زانایانی زمانەوانی ووتویانە :

اللحية : « اللحية اسم يجمع من الشعر ما نبت على الخدين والذقن .» [لسان العرب: ٢٤٣/١٥ ] واته : ڕیش ناوە بۆ ئەو موەوەی کە لەسەر گۆنا و سەر چەناکە .

اللحية : «بِالكَسْرِ شَعْرُ الخَدَّيْنِ والذَّقْنِ» [ قاموس المحيط : ٣٧٨/٤ ]

ابن حجریش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت « اللِّحْيَةُ اسْمٌ لِمَا نَبَتَ عَلَى الخَدَّيْنِ والذَّقْنِ » [فتح الباري ج١٠/ ص٣٥٠] واتە : ڕیش ناوێکە بۆ ئەو موەوانەی لەسەر گۆنا وچەناکە ڕوواوە .

ابن بازیش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبارەی تاشینی ڕیشەوە ووتویەتی : « اللحية هي ما نبت على الخدين والذقن كما أوضح ذلك صاحب القاموس، فالواجب ترك الشعر النابت على الخدين والذقن وعدم حلقه أو قصه، أصلح الله حال المسلمين جميعاً.» [فتاوى إسلامية : ٣٢٥/٢] واتە : ڕیش بەو موەوە دەوترێت کە لەسەر گۆنا و سەرچەناکە دەڕوێت، هەروەك چۆن خاوەنی کتابی (قاموس الميحط) ڕوونی کردوەتەوە، بۆیە واجبە ئەو موەوەی لەسەر گۆناکان وچەناکە

دەڕوێت وازی لێ بهێنرێت و نەتاشرێت ونەبڕرێت وکوورت نەکرێتەوە، خوای گەورە حاڵی سەرجەم موسڵمانان باشتر بکات .

لیرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە مووی ژێر چەناکە واتە : ئەو مووەی لەسەر گەردن و ملە، بەپێی عورفی زمانەوانی پێی ناوترێت ڕیش، بۆیە لابردن وتاشینی بە مووس دروستە وهیچ موخالەفەیەکی شەرعی تێدا نییە .

لەم بارەیەشەوە هاتووە : قال النووي في المجموع : « ( وقال أحمد بن حنبل) : لا بأس بحلق ما تحت حلقه من لحيته » [ المجموع شرح المهذب ١ /٢٩١] واتە : ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : ئیمامی ئەحمەد دەڵێت : قەیدی ناکات ئەو مووەی ژێر ڕیشی بتاشێت .

خوای گەورەش زانا وشارەترە .